و بەدەم بۆڵەبۆڵ و خورتەخورتەوە لەسەر منداڵی باش پەروەردەنەکراو لێمان دووردەکەوتنەوە.

هەندێکمان دەیوێرا لەوانی تر زیاتر بەدەم پێکەنینەوە پێی لێ هەڵبرێت و وا بە تەنیا لە پێکەنیان دەدا کە دەنگی پێکەنینیان ،ڕووت و قووت، لە هەوادا گیر دەبوو و دەکەوتە مەترسییەوە. من، لە کاتی گۆرانی وتنی ئایینیدا، بە تەنیا دەستم بە پێکەنین کرد و کردیانمە دەرەوە، لە کاتی ناولێنان و قبووڵکردنم لە کڵێسادا دامە قاقای پێکەنین و خۆم بە دەستی (نەرم)ی قەشەکە بەلێدان دا و تەنانەت لەو کاتەشدا نەمتوانی ڕێ لە پێکەنینەکەم بگرم. تا مامۆستاکەمان بە تەواوی شێتگیر بوو و دەستی بە گریان نەکرد، لە پێکەنینی خۆم نە کەوتم. ڕۆژێکیان کە لە قوتابخانە دەگەڕامەوە، هێندە زۆر پڕ بە دڵ پێکەنیم هێندەی نەمابوو بەدەم پێکەنینی خۆمەوە نەخۆش بکەوم و ئاخریەکەی چیتر خۆم بۆ نەگیرا و هەر بەدەم پێکەنینەوە میزم بە خۆمدا کرد و پانتۆڵەکەم تەڕبوو، بەڵام لەو کات تەریق بوومەوە و بەدەم پێکەنینی گاڵتەئامێزانەی ئەوانی دیکە لە گوێمدا بە دزییەوە خۆم بە ماڵدا کرد.

ئیتر لەوساوە لە پێکەنیندا هێندە ئازا و بوێر نەبووم، بەڵام پێم وایە کە ئاخرییەکەی لەو کاتەوە پێکەنینم لە دەست دا کە بەدەم ڕێوڕەسمی ناولێنان و وەرگرتنەوە لە کڵێساوە، دەم بە خەندە، ڕووم بۆ لای هاوڕێ هەرە خۆشەویستەکەم وەرگێڕا بۆ ئەوەی بۆی بسەلمێنم کە منیش ڕێك وەکو ئەو خۆم لەو ڕێوڕەسمە هچ و بێ مانایە بەرزتر ڕادەگرم، کەچی لە بری ڕووبەڕووی خەندە و گاڵتەی ئەو ببمەوە، دەموچاوێکی لە فرمێسکدا نقووم بووم بینی کە ئەو ڕێوڕەسمە بەتەواوی دەگیری کردبوو. ئیتر لەو ساوە بوێریی خۆم بەئاگای هێنامەوە و ترساندمی و پێم وابوو لە شتێکدا بە هەڵەداچووم.

